دوابەدوای گرتنی قیدیەکە... وەزارەتی داد ڕاسپاردەکانی لێکۆڵینەوەکە پەسەند دەکات



ئەمڕۆ دووشەممە، وەزیری داد، خالید شوانی، پەسەندکردنی ڕاسپاردەکانی لیژنەی وەزارییی لێکۆڵینەوەی سەبارەت بەو پارچە ڤیدیۆیەی کە لە زیندانی ناوەندیی عەمارەوە بڵاوکرابوونەوە، ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیەندراوەکی وەزارەتدا کە دەست ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، هاتووە: "ئەو لیژنە وەزارییەی لێکۆڵینەوە کە بە فەرمانی وەزیری داد، خالید شوانی بۆ لێکۆڵینەوە لە وردەکاریی ئەو پارچە ڤیدیۆیەی لە هەندێک تۆڕی کۆمەڵایەتی بڵاوکرابوونەوە و تێیدا ژمارەیەک لە سزادارانی زیندانی ناوەندیی عەمارە دەرکەوتبوون، تەواوکردنی کارەکانی لێکۆڵینەوە و بەرزکردنەوەی ڕاسپاردەکانی بە وەزیر ڕاگەیاند".

ئاماژەی بۆش کردووە: "دوای تەواوکردنی کارەکانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی و گوێگرتن لە وتەی لایەنە پەیوەندیدارەکان، وەزیری داد ڕاسپاردەکانی لیژنەکەی پەسەند کرد، کە بریتین لە: لادانی بەڕێوەبەری زیندانی ناوەندیی عەمارە و بەڕێوەبەری بەشی کاروباری زیندانەکە بەهۆی کەمتەرخەمییان لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا، گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و کارگێڕی بەرامبەر ئەو کارمەندانەی ناویان لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە و تەمەتبارکراون بە بردنژوورەوەی مۆبایل و کڵوپێڵی قەدەغەکراو بۆ ناو زیندان و ڕاوانکردنیان بۆ دادگا، جگە لە ڕاوانکردنی ئەو سزادارانەی کە کاری ئاژاوەگێڕییان

ئەنجامداوە بە لێکۆڵینەوەی دادوەری تاوەکو ئێستا هیچ کارێکی یاسایی پێویستیان بەرامبەر بگیرێتەبەر".

وەزارەت دووپاتی کردەوە: "پابەندبوونی تەواوی خۆی بە جێبەجێکردنی ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی لێنا

دامەزراوە چاکسازییەکاندا دەردەبڕێت، و بەردەوام دەبێت لە گرتنەبەری هەنگاوی توند بەرامبەر هەر

پشێلکارییەک کە زیان بە ئاسایشی دامەزراوەکە یان شکۆی یاسا بگەیەنێت، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر

پێویستی شەفافیەت لە ئاگادارکردنەوەی هەر گشتی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە ماوەی 24

کاتژمێردا، ئەمەش وەک جێبەجێکردنی ڕێنمایی وەزیر و بڕیاری چوارچێوە یاساییە کارپێکراوەکان".